سەید حەکیم: مامەڵە بە واقعیەت لەگەڵ ئاستەنگە ئەمنییەکان پاش کۆتاییهاتنی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پێویستیەکی نیشتمانییە

لەمیانەی سەردانەکەی بۆ کەربەلای پیرۆز، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی کەوت بە سەرکردە و کارمەندە ئەمنییەکانی بارەگای سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکان و داواشی کرد ئامادەیی تەواویان هەبێت بۆ مامەڵە کردن لە سروشتی عیراقی پاش تەواوبوونی ئەرکی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و گوتیشی تیرۆر لە قۆناغی داهاتوو هەوڵ دەدات جووڵەیەکی میدیایی دروست بکات.

هەروەها جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ناوچەکە و تا چەند عێراق کاریگەری لەسەر بووە..
بەڕێزیان جەختی لە بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە پێشوەختەکان و کاری هەواڵگری، و پاراستنی دەستکەوتە ئەمنییەکان کردەوە کە بەدەست هاتوون، ئاماژەی بەوەشدا کە عێراق لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بەدەست ڕووداوەکانی ناوچەکە دەناڵێنێت بەهۆی هەڵاوسانی بەرهەمهێنان و کەمی هەناردەکردنی نەوتەوە و داوای گرتنەبەری سیاسەتی خۆگرتنی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە داوای خۆپیشاندان مافێکە بەپێی یاسا و دەستوور.

لەکۆتاییدا سەید حەکیم داوای لە هێزە ئەمنییەکان کرد کە خۆپیشاندەرانی گەنج و موڵک و ماڵی دەوڵەت بپارێزن لە ڕێگەی هێزەکانی تایبەتمەند لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکان کە مافەکانی مرۆڤ و مافە دەستوورییەکانی خەڵک لەبەرچاو دەگرن، داوای لێکردن پلانەکان هەمەچەشن بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ فرەیی و فرەچەشنی ڕکابەرییەکان بگونجێت و متمانەی خۆی بە توانای عێراقییەکان دەربڕی کە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی خۆیان ئاستەنگەکان تێپەڕێنن.